ڕێبوار تۆها: سبەی لیژنەیەک لە بەغدادەوە سەردانی کەرکوک دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جوتیاران

ڕێبوار تۆها پارێزگاری کەرکوک لەبارەی جوتیارانی کەرکوکەوە ڕایگەیاند، ئەو سەربازانەی هەرشیانکردەسەر جوتیاران، دەستبەسەرکراون و سبەی لیژنەیەک لە بەغدادەوە سەردانی کەرکوک دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

ڕێبوار تۆها، ڕایشیگەیاند، هەفتەی ڕابردوو لەبەغداد بوون و نووسراوی فەرمیی ئاماستەی نووسینگەی سەرکۆماری عێراق کردووە، بۆ جیاکردنەوەی ئەو زەویانەی بەیاری دادگایان لەسەر نییە، تاوکو جوتیاران بتوانن کاری کشتوکاڵیی خۆیان بکەن و هەموو هەنگاوەکان بە ئاماستەی چارەسەرکردن بوون.

پارێزگاری کەرکوک دەڵێت، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی (ئەنجوومەنی باڵای شارەزایی هەڵوەشاوە)داوە و بوون بە بڕیار، بۆ جێبەجێکردنیشی چاوەڕوانی ڕێنماییەکانی حکومەتی فیدراڵن، بڕیە لە ئێستادا پێویستە هەموو لایەك خۆاگربن بۆ لەدەستنەچوونی ئەم دەستکەوتە.

پارێزگاری کەرکوک جوتیارانی سنووری سەرگەلان دەنیا دەکاتەوە، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکانیانن، بەیە دەبێت دەرفەت بدەن لەگەڵی دامەزراوە یاسایی و فەرمییەکانەوە بەو ئامانجە بگەن.

پارێزگاری کەرکوک دەشێت، هەر لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار، بەر لە دوو هەفتە بیارماندا گرێبەست بکرێت بە هەموو زەویییە کشتوکاییەکانی سنووری تەپزاوا و یایچی و ترکەمان کە ماوەی حەوت ساڵ کێشەیان هەبوو، بەیە لە سنووری سەرگەلانیش هەنگاومان بە چارەسەرکردنی کێشەکان ناوە.

ڕبوار تەها دەنیایی دەدات، ئەو سەربازانەی ئەمڕۆ لە گوندی شەناغە پەلاماری جوتیارانی کوردیاندا، دەستبەسەرکراون و لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکهێنرا و لایەنە پەیوەندیدارەکانیشیان ئاڵاستەکرد بە کشانەوەی هێزە سەربازییەکان لەو سنوورە.

پارێزگاری کەرکوک جەختدەکاتەوە، لەپاش پێیوەندی و ئاگادارکردنەوەی، سەرکوەزیرانی عێراق بیاریداوە بە ناردنی لیژنەیەك بە سەرکایەتیی بریکاری وەزیری داد بە هەڵسەنگاندنی دەخەکە، سبەینێش لە دیوانی پارێزگا کبوونەوەیەکی تایبەتیان لەگەڵ ئەو لیژنەیە دەبێت.